هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No:

Date:

ژمارەی نهێنی: ١٧٧٢

ڕێکەوت: ٢٨/ ١٠ / ٢٠١٩ ی زایینی

دەرکردەی نووسینگەی وەزیر

## فەرمانی وەزاری

دوا بە دوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٧٣) لە (٢٠١٩/٣/١٢) و (٣٧٤) لە (٢٠١٩/٣/١٢) و ژمارە (٣٧٥) لە (٢٠١٩/٣/١٢) و (٥٥٥) لە (٢٠١٩/٤/٢٣) و بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، **بڕیارماندا بە:-**

١. هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧٣) لە (٢٠١٩/٣/١٢) تایبەت بە کردنەوەی (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی) لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و دەڤەری گەرمیان ئەمەش پاڵپشت بە خاڵی (٢) لە فەرمانی وەزاری ژمارە (٣٧٥) لە (٢٠١٩/٣/١٢).

٢. بەخشینی بەڕێوەبەری (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی) لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و دەڤەری گەرمیان کە بە فەرمانی وەزاری (٣٧٤) لە (٢٠١٩/٣/١٢) و (٥٥٥) لە (٢٠١٩/٤/٢٣) دەرچووە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٧) ئەمەش بە هۆی ئەوەی لەم ڕێکەوتە خولی پێداگۆجی لەم سەنتەرانە کۆتایی دێت.

٣. گۆڕینی ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتی یان سەنتەرانەی کە پێشووتر تایبەت بوون بە خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە ژێر ناوی (هۆبە، سەنتەر، بەڕێوەبەرایەتی) لە زانکۆکان بۆ (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی) لە گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەم سەنتەرە بە پێی هەمان ئەو هەیکەلیە کارگێرییە دەبێت کە پێشووتر بۆ (بەڕێوەبەرایەتی یان سەنتەری ڕێگاکانی وانەوتنەوە) لە زانکۆکان هەبووە.

٤. تەنها ئەو مامۆستایانەی زانکۆکان کە لە لایەن وەزارەتمانەوە نێردراون بۆ وڵاتی فینلاند لە ڕاوندی یەکەم و دووەم بە مەبەستی بەشداریکردن لە خولی پێداگۆجی لە زانکۆی (HAMK) مافی وانەوتنەوەیان هەیە لە (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی)ی زانکۆکان، هەروەها سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک و دەڤەری گەرمیان هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی ژمارەیەک لەو بەشداربووانەی کە لە مانگی (٤)ی ساڵی (٢٠١٩)ەوە تاوەکو ئێستا بەردەوامن لە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی، بۆ ئەوەی دوای تەواوکردنی خولەکانیان بەسەرکەوتوویی، ڕاهێنانی تایبەتیان بۆ ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی ببن بە بەشێک لەو مامۆستایانەی کە مافی وانە وتنەوەیان هەیە لە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی لە زانکۆکان.

٥. زانکۆکان یەکێک لەو مامۆستا یان بەشداربووانەی خاڵی (٤)ی سەرەوە دەست نیشان دەکەن وەکو بەڕێوەبەر یان بەرپرسی (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی) لە زانکۆکان.

٦. پێویستە (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی)ی زانکۆکان پابەند بن بەو پرۆگرامەی کە لە لایەن ستافی پێداگۆجی بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی (HAMK)ی فینلاندی ئامادەکراوەو بۆ زانکۆکان لە ماوەیەکی نزیک دەنێردرێت.

٧. لە ئێستادا پێویستە ئەو زانکۆیانەی ئامادەباشیان تێدایە ئامادەکاری بکەن بۆ کردنەوەی خولی نوێی ڕاهێنانی پێداگۆجی بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا لە مانگی (٢٠١٩/١١) بەڕەچاوکردنی مەرجەکانی هاتوو لە خاڵی (٣) لە گشتاندنی ژمارە (٣٧٥) لە (٢٠١٩/٣/١٢)، لێرەدا مەرج نییە هەموو زانکۆکان لە مانگی (١١) دەست بە خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی بکەن بەڵکو دەکرێت هەر زانکۆیەک لە کاتێکی جیاواز خولی ڕاهێنانی پێداگۆجی بکاتەوە.

٨. لە کاتی کردنەوەی خولی پێداگۆجی لە (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی)ی لە زانکۆکان، پێویستە زانکۆکان هەماهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن بە تایبەت لە ڕووی دابینکردنی ستافی وانەوتنەوەی پێویست بۆ خولی پێداگۆجی و هەروەها پێویستە هەماهەنگیش بکەن لەگەڵ (بەرپرسی پێداگۆجی)ی لە وەزارەت.

٩. پاڵپشت بە نووسراوی وەزارەت ژمارە (٣٧٥) لە (٢٠١٩/٣/١٢) خاڵی (٢)، زانکۆ تایبەتەکانی (گەشەپێدانی مرۆیی) لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و (زانکۆی لوبنانی فەرەنسی) لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر و (زانکۆی نەورۆز) لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆک مافی کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجیان هەیە ئەویش دوای گۆڕینی ناوی (بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی بەردەوام یان سەنتەری ڕێگاکانی وانەوتنەوە) بۆ (سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی) لەم زانکۆیانە بە ڕەچاوکردنی هەمان شێواز و پرۆگرامی زانکۆ حکومیەکان. هۆکاری ئەوەی تەنها ئەم (٣) سێ زانکۆ تایبەتە مافی کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پێداگۆجیان پێدەدرێت ئەوەیە کە ئەم سێ زانکۆیە پێشووتر مۆڵەتی بەڕێوەبردنی خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوەیان هەبووە و هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتمان سپۆنسەری دارایی خولی ڕاهێنانی مامۆستایانی زانکۆ حکومیەکانیان لە زانکۆی (HAMK) لە وڵاتی فینلاند کردووە.

١٠. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
دەرکردەی
نووسینگەی وەزیر

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

* نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاران / بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
* سەرۆکایەتی زانکۆ تایبەتەکانی (گەشەپێدانی مرۆیی/ لوبنانی فەرەنسی/ نەورۆز) نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
* فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان/ بۆ کاری پێویست و بەدواداچوون/ لەگەڵ ڕێزدا.
* ئینستیتوتی پەرەپێدانی ئەکادیمی/ بەشی پێداگۆجی/ بۆ کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ بۆ کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
* بەڕێوەبەرایەتی کاروباری زانستی/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.